ئێوە ناتوانن خەڵکی ڕازی بکەن بە سامانتان، بەڵام دەتوانن ڕازیان بکەن بە ڕووخۆشی وڕەوشت جوانی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئێوە ناتوانن خەڵکی ڕازی بکەن بە سامانتان، بەڵام دەتوانن ڕازیان بکەن بە ڕووخۆشی وڕەوشت جوانی».

[حەسەن لغیرە] [حاکم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی ڕووخۆشی وگرژ نەبوون بەرامبەر بە خەڵکی، وهەروەها بەڵگەیە لەسەر فەزڵی ڕەوشت جوانی وجوانی مامەڵەکردن، ومامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی بە وتەی شیرین وکردەوەی جوان، ئەمیش لە توانای هەموو مرۆڤێکدایە، ئەم ڕەوشت جوانیە خۆشەویستی دەهێنێت ودڵەکان تەبا دەکات لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5500